ماذا تعرف عن فتنة

# المسيح الدجال؟

# چی دەزانیت دەربارەی فیتنەی مەسیحی دەجال؟


إعداد

لأبي عبد العزيز منير الجزائري

وەرگێڕانی:

هشام لطيف البرزنجي



1442 کۆچی

2021 لە دایکبوون

الحَمْدُ للهِ القائِلِ: ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ﴾ [القمر: ١] (١).

والحمد للهِ الذي أحاط بحوادثِ الدُّنيا والآخِرة خَبْراً، وجعل لكلِّ شيءٍ قَدراً، وَأَسْبَلَ عَلَى الْخَلائِقِ رِعَايَتَهُ سِتْرا.

أَحمَدُهُ على نِعَمائهِ شُكرا، وَأُسَلِّمُ لِقضائه صَبرا، وَأَشهَدُ أَن لا إِله إِلا الله وحدَهُ لا شَريكَ لَهُ شهَادَةً أُعِدُّها لِيَومِ القيامةِ ذُخْرا، وأستَمِدُّها عَلى الأعداءِ نَصْرا، وَأشهَدُ أَنَّ سيدنا محمداً عَبدُهُ ورَسولهُ، أَرسلَهُ إِلى البَرِيَّةِ عُذراً ونُذراً، فَدَعَا إِلَى اللهِ سِرَّاً وَجهرَاً، وَنَشَرَ رَحمَتَهُ على العالَمِينَ نَشْراً، اللَّهُمَّ صَلِّ وسلِّم على سيدنا محمدٍ وعَلَى آلِهِ وَأَصحَابِهِ، وَأَدِم لَهُ أَجراً.

## لە پاشاندا:

براكانم لە پێناو خوای گەورە ... ئێوەم خۆش دەوێت لەپێناو خوای گەورە:

عَنِ الصَّعْبِ بْنِ جَثَّامَةَ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: « لَا يَخْرُجُ الدَّجَّالُ حَتَّى يَذْهَلَ النَّاسُ عَنْ ذِكْرِهِ، وَحَتَّى تَتْرُكَ الْأَئِمَّةُ ذِكْرَهُ عَلَى الْمَنَابِرِ » (٢)(٣).

واتە: لە صەعبی کوڕی جەثامەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموویت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: « دەججال دەرناچێت تا خەڵکی واز لە باسکردنی نەهێنن، وە تا وای لێدێت وتارخوێنەکان لەسەر مینبەرەوە باسی ناکەن ».

ئەم هەواڵە ڕاستە لە گەورەی مرۆڤەکانەوەیە ﷺ لەسەر وتارخوێنەکان، وازیان لە باسکردنی مەسیحی دەججال هێناوە لەسەر مینبەرەکانەوە مەگەر ئەوەی خوا ڕەحمی لێکردبێت، ئەی دەبێت حاڵی خەڵکی تر چۆن بێت؟!

بەڵکو هەندێك لە خەڵکی وایان لێهاتووە –خوای گەورە هیدایەتی ئێمەو ئەوانیش بدات– کاتێك قسەی لەگەڵ دەکەیتو باسی مردنی بۆ دەکەیت، وە باسی ڕۆژی دوایی و بەهەشتو دۆزەخ دەکەیت بێزاردەبێتو دەتوەستێنێت، وە ئەو هەژارە دەڵێت: بابەتەکە

---

(١) واتە: قیامەت نزیك بۆتەوەو مانگیش لەت بوو.

(٢) رواه أحمد (١٦٦٦٧)، وانظر: "قصة المسيح الدجال" لاپەڕە: (٣٠) للعلامة الألباني ﵀.

(٣) بۆ سوود وەرگرتن لە شەرحی فەرموودەکان سوودم وەرگرتووە لە: (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح، و باحث الحديثي).

بگۆڕە، خوای گەورە یارمەتیدەرمان بێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا پێویستە ئەم باسانە لە دانیشتنەکاندا باس بکرێتو بخرێتەوە یاد، تا دڵ نەرم بێتو تەوبە بکات بۆلای خوای گەورە.

هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ (ڕەزای خوایان لێبێت) باسی نیشانەکانی ڕۆژی دواییان دەکرد.

فَعَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ أَسِيدٍ الْغِفَارِيِّ رضي الله عنه قَالَ: اطَّلَعَ النَّبِيُّ ﷺ عَلَيْنَا وَنَحْنُ نَتَذَاكَرُ، فَقَالَ: «مَا تَذَاكَرُونَ؟» قَالُوا: نَذْكُرُ السَّاعَةَ، قَالَ: « إِنَّهَا لَنْ تَقُومَ حَتَّى تَرَوْنَ قَبْلَهَا عَشْرَ آيَاتٍ – فَذَكَرَ – الدُّخَانَ، وَالدَّجَّالَ، وَالدَّابَّةَ، وَطُلُوعَ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، وَنُزُولَ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ﷺ، وَيَأَجُوجَ وَمَأْجُوجَ، وَثَلَاثَةَ خُسُوفٍ: خَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ، وَخَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ، وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ، وَآخِرُ ذَلِكَ نَارٌ تَخْرُجُ مِنَ الْيَمَنِ، تَطْرُدُ النَّاسَ إِلَى مَحْشَرِهِمْ »[٤].

واتە: لە حوذەیفەی کوڕی ئەسیدی غیفارییەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ ناومان وە ئێمە باسو خواسمان دەکرد(هەندێکمان لەگەڵ هەندێکی ترمان)، فەرمووی: «باسی چی دەکەن؟» ووتمان: باسی قیامەت، فەرمووی: «قیامەت نایاتو ڕوو نادات تا دە نیشانە ڕوو نەدات، –وە باسی کرد کە ئەمانەن– دەرچوونی دوکەڵ، وە دەجال، وە دەرچوونی ئاژەڵێك (لەگەڵ خەڵکیدا قسە دەکات، ووتراوە: لە مەککەوە دەردەچێت، وە ووتراوە: لە شوێنی ترەوە دەردەچێت)، وە هەڵهاتنی خۆر لە خۆر ئاواوە، وە دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم ﷺ، وە دەرچوونی یەئجوجو مەئجوج (دوو هۆزن لە ڕەگەزی مرۆڤن) وە ڕوودانی سێ ڕۆچوون: ڕۆچوونێك لە خۆرهەڵات،و ڕۆچوونێك لە خۆرئاوا،و ڕۆچوونێك لە دوورگەی عەرەب، وە کۆتا نیشانەکان ئاگرێکە دەردەچێت لە یەمەنەوە پاڵی خەڵکی دەنێت بەرەو شوێنی لێپرسینەوەیان».

ئەی کۆمەڵی موسڵمانان: فیتنەکان چەندێك جیاوازبنو جۆراوجۆربن لە هەر کاتو شوێنێك بێت، ئیللا فیتنەی مەسیحی دەجال گەورەترە بە یەکدەنگی هەموو زانایان.

---

(٤) رواه أحمد (١٦٦٦٧)، وانظر: "قصة المسيح الدجال" لاثقرة: (٣٠) للعلامة الألباني رحمه الله.

عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: « مَا بَيْنَ خَلْقِ آدَمَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ خَلْقٌ أَكْبَرُ مِنَ الدَّجَّالِ » وَفِي رِوايةٍ: « أَمْرٌ أَكْبَرُ مِنَ الدَّجَّالِ »[٥].

واتە: لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: « لە نێوان دروستکردنی ئادەم تا ڕۆژی دوایی دروستکراوێك نییە فیتنەکەی گەورەتر بێت لە دەججال ». لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: « کارێك نییە فیتنەکەی گەورەتر بێت لە فیتنەی دەججال ».

هەر لەبەر ئەوە هەموو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) نەتەوەکەی خۆیان ئاگادار کردووەتەوە لەم فیتنە گەورەیە، بەڵام پێغەمبەری خۆمان ﷺ لەهەموویان زیاتر ئوممەتەکەی خۆی لێ ئاگادار کردووەتەوە.

فَعَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عُمَرَ ﵄: قَامَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي النَّاسِ فَأَثْنَى عَلَى اللَّهِ بِمَا هُوَ أَهْلُهُ ثُمَّ ذَكَرَ الدَّجَّالَ فَقَالَ: « إِنِّي لَأُنْذِرُكُمُوهُ، وَمَا مِنْ نَبِيٍّ إِلَّا أَنْذَرَهُ قَوْمَهُ، لَقَدْ أَنْذَرَ نُوحٌ قَوْمَهُ، وَلَكِنِّي أَقُولُ لَكُمْ فِيهِ قَوْلًا لَمْ يَقُلْهُ نَبِيٌّ لِقَوْمِهِ: تَعْلَمُونَ أَنَّهُ أَعْوَرُ، وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِأَعْوَرَ »[٦].

واتە: لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا لەنێو خەڵکیداو وتاری دەدا سوپاسی خوای کرد بەو شێوازەی کە شایستەی خوای گەورەیە، پاشان باسی دەججالی کرد، فەرمووی: « ئێوە ئاگادار دەکەمەوە لێی، وە هیچ پێغەمبەرێك نەبووە ئیللا نەتەوەکەی ئاگادار کردووەتەوە لێی، نوح نەتەوەکەی خۆی ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام من شتێکی ترتان پێ دەڵێم کە هیچ پێغەمبەرێك لە پێش من بە گەلەکەی نەوتووە، ئێوە دەزانن کە دەججال چاوێکی کوێرە، وە بە دڵنیایی خوای گەورە کوێر نییە ». (واتە: ئەو کە دەڵێت من خوام درۆ دەکات، نابێت کوێر بێت).

---

(٥) رواه مسلم: (٢٩٤٦)

(٦) رواه البخاري: (٣٣٣٧)، ومسلم: (٢٩٣٠).

## ١- هۆكاری ناوەكەی (مەسیحی دەججال):

مەسیح: ناونراوە بەو ناوەوە لەبەرئەوەی چاوێكی سڕاوەتەوە، وە ووتـراوە: پیاوێكـە دەموچاوی سڕاوەتەوە، بەجۆرێك چاوو برۆی سڕاوەتەوە، وە ووتراوە: بـەو نـاوە نـاونراوە چونكە سەر زەوی ئەسڕێتەوە یان دەیبڕێت واتە: سەر زەوی دەبڕێت".

دەججال: (بۆ زیادەڕۆییە: واتە: زۆر درۆزنەو زۆر فێڵ دەكات)(٧).

---

(٧) رواه مسلم: (٢٩٠١).

## ٢- شوێنی دەرچوونی و مانەوەی لەسەر زەوی:

عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ ﵁ قَالَ: حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « الدَّجَّالُ يَخْرُجُ مِنْ أَرْضٍ بِالْمَشْرِقِ يُقَالُ لَهَا: خُرَاسَانُ ... »[٨].

واتە: لە ئەبو بەکری صدیقەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمانی گێڕایەوە فەرمووی: « دەججال لە زەوی یەکی خۆرهەڵاتەوە دەردەچێت پێی دەوترێت: خوراسان ... ».

بەڵام دەرکەوتنی کارەکانی لەنێو موسڵمانان کاتێکە دەگاتە شوێنێك لە بەینی عێراق و شام، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِنَّهُ خَارِجٌ خَلَّةً بَيْنَ الشَّأْمِ وَالْعِرَاقِ، فَعَاثَ يَمِينًا وَعَاثَ شِمَالًا، يَا عِبَادَ اللهِ فَاثْبُتُوا » قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ وَمَا لَبْثُهُ فِي الْأَرْضِ؟ قَالَ: « أَرْبَعُونَ يَوْمًا، يَوْمٌ كَسَنَةٍ، وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ، وَيَوْمٌ كَجُمُعَةٍ، وَسَائِرُ أَيَّامِهِ كَأَيَّامِكُمْ » قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ فَذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَسَنَةٍ، أَتَكْفِينَا فِيهِ صَلَاةُ يَوْمٍ[٩]؟ قَالَ: « لَا، اقْدُرُوا لَهُ قَدْرَهُ »[١٠].

واتە: « مەسیحی دەججال دەردەچێت لە ڕێگەیەکەوە لە نێوان شام و عێراق ڕوو لەلای ڕاست و چەپ دەکات زۆر بە خێرایی ئاشوب دەنێتەوە، ئەی بەندەکانی خوا جێگیربن و دامەزراوبن (لەسەر دینەکەتان) ».

ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چەندێك دەمێنێتەوە لەسەر زەوی؟

فەرمووی: « چل ڕۆژ: ڕۆژی یەکەم بە ئەندازەی ساڵێکە، ڕۆژی دووەم بە ئەندازەی مانگێکە، ڕۆژی سێ یەم بە ئەندازەی هەفتەیەکە، وە باقی ڕۆژەکانی تر ڕۆژی ئاساییە ».

ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ڕۆژەی وەکو ساڵێك وایە ئایە دەبێت نوێژی یەك ڕۆژی تێدا بکەین؟

---

(٨) رواه الترمذي (٢٢٣٧)، وابن ماجه (٤٠٧٢)، وصححه الألباني في "سلسلة الصحيحة" (١٥٩١).

(٩) لێرە ڕابوەستین ئەی بەندەکانی خوا: تەماشای حاڵی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکە وە بەگەورە تەماشاکردنیان بۆ نوێژ، لەگەڵ ئەوپەڕی نارەحەتی لەو ڕۆژەدا پرسیاری نوێژەکە دەکەن و چۆن جێبەجێی بکەن، لەبەرئەوەی فەزڵو گەورەیی و پلەوپایەی ئەو عیبادەتەیان زانیوە لە ئیسلامدا، با لێپرسینەوەی نەفسی خۆمان بکەین لەگەڵ نوێژدا چۆنین (چۆنییەتییەکەی و ڕوکنەکانی و واجبەکانی) بەڵکو کەسی واهەیە لە ئێمە نوێژەکەی دوادەخات بەبێ هیچ هۆکارێك و گوێی لێ نییە، خوای گەورە پارەتیمان بدات.

(١٠) رواه مسلم: (٢٩٣٧).

**فەرمووی: « نەخێر بە مەزندە بۆی دیاری بکەن (ئەمە لەسەر حەقیقەتەکەی دەبێـت، لەبەرئەوەی خوای گەورە توانای هەیە کە کاتێك لە کاتەکانی ڕۆژ زیاد بکات) ».**

## ٣- فیتنەی مەسیحی دەجال:

" چیرۆکی مەسیحی دەجال بەڵگەیە بۆ ئەهلی حەق کە بوونی هەیە، وە خوای گەورە بەو کەسە بەندەکانی خۆی تاقیدەکاتەوەو کۆمەڵێك شتی پێ دەدات کە تەنها لە توانای خوای گەورەیە لە زیندووکردنەوەی مردوو کە خۆی دەیکوژێت، وە ڕواندنی بەروبووم لەسەر زەویو لەناوبردنی، وە بەهەشتو دۆزەخو ڕوباری پێیە، وە خەزێنەی سەر زەوی پێیە، وە فەرمان دەکات بە ئاسمان باران ببارێت باران دەبارێتو فەرمان دەکات بە زەوی کە بەروبوومەکانی دەربچێت دەردەچێت، هەموو ئەوانەش لە ژێر دەسەڵاتو ویستی خوای گەورەدایە، پاشان خوای گەورە ویستی وادەبێت کە نەتوانێت ئەو کەسە بکوژێتەوە کە زیندووی کردەوە لە دوای ئەوە ناتوانێت هیچ کەسێکی تر بکوژێت، وە هەموو کارەکانی لەناو دەچێتو پێغەمبەر عیسا ﷺ دەیکوژێت، وە خوای گەورە باوەڕداران جێگیرو دامەزراو دەکات، کە ئەمە مەزهەبی ئەهلی سوننەو هەموو فەرموودە ناسەکانو فوقەهاو لێکۆڵەرانە»[١١].

---

(١١) شرح النووي على مسلم (١٨/٥٨).

## أ/ لە گەورەیی فیتنەکانی بەهەشتو دۆزەخی پێیە:

عَنْ حُذَيْفَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: « لَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا مَعَ الدَّجَّالِ مِنْهُ، مَعَهُ نَهْرَانِ يَجْرِيَانِ، أَحَدُهُمَا رَأْيَ الْعَيْنِ مَاءٌ أَبْيَضُ، وَالْآخَرُ رَأْيَ الْعَيْنِ نَارٌ تَأَجَّجُ، فَإِمَّا أَدْرَكَنَّ أَحَدٌ، فَلْيَأْتِ النَّهْرَ الَّذِي يَرَاهُ نَارًا وَلْيُغَمِّضْ، ثُمَّ لِيُطَأْطِئْ رَأْسَهُ فَيَشْرَبَ مِنْهُ، فَإِنَّهُ مَاءٌ بَارِدٌ »[١٢].

واتە: لە حوزەیفەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « من لە دەججال زیاتر دەزانم چی لەگەڵدایە، دوو ڕووباری لەگەڵدایە لێی دەڕوات بە چاو وا دەبینرێت کە ئاوێکی سپییەو ئەوەی تریان بە چاو وا دەبینرێت ئاگرێکە گڵپەی دێت، ئەگەر یەکێك لە ئێوە ئەو ڕووبارەی بە چاوی دەبینێت وەکو ئاگر وایە، با چاوی دابخات پاشان سەری دابخاتو لێی بخواتەوە چونکە ئاوێکی ساردە ».

---

(١٢) رواه مسلم: (٢٩٣٤).

## ب/ لەو کردەوانەی تری کە ئەنجامی دەداتو خەڵکی توشی فیتنە دەکات:

ئەمەش بە داواکردن لە شەیتانەکان، زانراوە شەیتانەکانە لە خزمەتی کەسی درۆزنو گومڕاو خراپەکارن، وە ئەو کەسانەی بەندایەتی دەکەن بۆ جگە لە خوای گەورە.

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: « وَإِنَّ مِنْ فِتْنَتِهِ أَنْ يَقُولَ لِأَعْرَابِيٍّ: أَرَأَيْتَ إِنْ بَعَثْتُ لَكَ أَبَاكَ وَأُمَّكَ، أَتَشْهَدُ أَنِّي رَبُّكَ؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ، فَيَتَمَثَّلُ لَهُ شَيْطَانَانِ فِي صُورَةِ أَبِيهِ، وَأُمِّهِ، فَيَقُولَانِ: يَا بُنَيَّ، اتَّبِعْهُ، فَإِنَّهُ رَبُّكَ »[١٣].

واتە: لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «وە لە فیتنەی (مەسیحی دەججال) بە کابرایەکی دەشتنشین دەڵێت: ئەگەر دایكو باوکت بۆ زیندوو بکەمەوە، شایەتی دەدەیت کە من پەروەردگاری تۆم؟ دەڵێت: بەڵێ، دوو شەیتان لەسەر شێوەی دایكو باوکی دەردەچن، پێی دەڵێن ئەی ڕۆڵەکەم، شوێنی بکەوە، چونکە ئەوە پەروەردگارتە».

اللّٰهُ أکبر! ئەمە فیتنەیەکی گەورەیە گەورەیە بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێنمایی کردووینو فەرموویەتی: « مَنْ سَمِعَ بِالدَّجَّالِ فَلْيَنْأَ عَنْهُ، فَوَاللَّهِ إِنَّ الرَّجُلَ لَيَأْتِيهِ وَهُوَ يَحْسِبُ أَنَّهُ مُؤْمِنٌ فَيَتَّبِعُهُ، مِمَّا يَبْعَثُ بِهِ مِنَ الشُّبُهَاتِ أَوْ لِمَا يَبْعَثُ بِهِ مِنَ الشُّبُهَاتِ »[١٤].

واتە: «هەرکەسێك بیستی مەسیحی دەججال دەرچووە با دووربکەوێتەوە، سوێندبێت بەخوا کەسی واهەیە وا حسێب دەکات باوەڕدارە بەڵام شوێنی دەکەوێت، بەهۆی ئەو شوبهانەی کە پێیەتی (تێدەکەوێتو شوێنی دەکەوێت)».

---

(١٣) رواه ابن ماجه (٤٠٧٧)، وقال الألباني عن الحديث بطوله: (غالبه صحيح) في "قصة مسيح الدجال"، لاپەڕە: (٤٩).

(١٤) رواه أبو داود (٤٣١٩)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦٣٠١).

## ج/ وە لە فیتنەکانی وەڵامدانەوەی ئاسمانو زەوییە بۆ فەرمانەکانی:

قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: « فَيَأْتِي عَلَى الْقَوْمِ فَيَدْعُوهُمْ، فَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَجِيبُونَ لَهُ، فَيَأْمُرُ السَّمَاءَ فَتُمْطِرُ، وَالْأَرْضَ فَتُنْبِتُ، فَتَرُوحُ عَلَيْهِمْ سَارِحَتُهُمْ، أَطْوَلَ مَا كَانَتْ ذُرًا، وَأَسْبَغَهُ ضُرُوعًا، وَأَمَدَّهُ خَوَاصِرَ، ثُمَّ يَأْتِي الْقَوْمَ، فَيَدْعُوهُمْ فَيَرُدُّونَ عَلَيْهِ قَوْلَهُ، فَيَنْصَرِفُ عَنْهُمْ، فَيُصْبِحُونَ مُمْحِلِينَ لَيْسَ بِأَيْدِيهِمْ شَيْءٌ مِنْ أَمْوَالِهِمْ، وَيَمُرُّ بِالْخَرِبَةِ، فَيَقُولُ لَهَا: أَخْرِجِي كُنُوزَكِ، فَتَتْبَعُهُ كُنُوزُهَا كَيَعَاسِيبِ النَّحْلِ »[١٥].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « (مەسیح دەججال) دەدات بەلای گەلێکدا بانگیان دەکاتو ئەوانیش باوەڕی پێدەهێنن، فەرمان دەکات بە ئاسمان باران ببارێنێت بارانیان بۆ دەبارێت، وە فەرمان دەکات بە زەوی بەروبوومەکانی بڕوێت، ئاژەڵەکانیان باشتر دەبن، شیریان زیاتر دەبێتو تێروپڕتر دەبن لە پێشوو، پاشان دەدات بەلای گەلێکی تردا، بانگیان دەکاتو ئەوانیش باوەڕی پێناهێنن، ئەویش دەڕواتو جێیان دێڵێت، هەژار دەبنو هیچیان بەدەستەوە نامێنێت، بەلای شوێنی وێرانەدا تێپەڕ دەبێت، دەڵێت: گەنجینەکانت دەربهێنە، گەنجینەکان دەردەچن وەکو شانە مێشەنگ شوێنی دەکەون ».

---

(١٥) رواه مسلم: (٢٩٣٧).

## د/ وە لە فيتنەكانی تری كوشتن‌و زيندووكردنەوەی باوەڕدارێكە:

قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: « يَأْتِي، وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْهِ أَنْ يَدْخُلَ نِقَابَ الْمَدِينَةِ، فَيَنْتَهِي إِلَى بَعْضِ السِّبَاخِ الَّتِي تَلِي الْمَدِينَةَ، فَيَخْرُجُ إِلَيْهِ يَوْمَئِذٍ رَجُلٌ هُوَ خَيْرُ النَّاسِ – أَوْ مِنْ خَيْرِ النَّاسِ – فَيَقُولُ لَهُ: أَشْهَدُ أَنَّكَ الدَّجَّالُ الَّذِي حَدَّثَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ حَدِيثَهُ، فَيَقُولُ الدَّجَّالُ: أَرَأَيْتُمْ إِنْ قَتَلْتُ هَذَا، ثُمَّ أَحْيَيْتُهُ، أَتَشُكُّونَ فِي الْأَمْرِ؟ فَيَقُولُونَ: لَا، قَالَ فَيَقْتُلُهُ ثُمَّ يُحْيِيهِ، فَيَقُولُ حِينَ يُحْيِيهِ: وَاللهِ مَا كُنْتُ فِيكَ قَطُّ أَشَدَّ بَصِيرَةً مِنِّي الْآنَ – قَالَ: فَيُرِيدُ الدَّجَّالُ – أَنْ يَقْتُلَهُ فَلَا يُسَلَّطُ عَلَيْهِ »[١٦].

واتە: « (مەسيحی دەججال) دێت، لەسەری حەرامە بچێتە ناو مەدينەوە لە ڕێگەكانی ، بۆيە دەچێتە هەندێك شوێنی لای مەدينە شوێنێكی خۆڵاوييەو هيچی لێ ناڕوێت، ڕۆژێك پياوێك بۆی دەردەچێت باشترين كەسە –يان يەكێكە لە باشترينی خەڵكی– پێی دەڵێت: شايەتی دەدەم تۆ دەججالی ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمانی باسكردووە، دەججال دەڵێت: ئەگەر من ئەم كەسە بكوژم‌و پاشان زيندووی بكەمەوە، ئايە گومانتان دەبێت لە كارەكانم؟ ئەوانيش دەڵێن: نەخێر.

(پێغەمبەری خوا ﷺ) فەرمووی: دەيكوژێت‌و پاشان زيندووی دەكاتەوە، لەو كاتەی زيندووی دەكاتەوە دەڵێت: سوێند بەخوا ئێستا لە هەموو كاتێك زياتر دڵنيام تۆ دەججالی، (پێغەمبەری خوا ﷺ) فەرمووی: دەججال دەيەوێت بيكوژێتەوە، بەڵام ناتوانێت زاڵ بێت بەسەريدا ».

---

(١٦) رواه البخاري: (١٨٨٢)، ومسلم: (٢٩٣٨)، واللفظ له.

## ٤- ئەوەی هاتووە سەبارەت بە ڕەوشتە دروستکراوەکانی:

عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ ﵁ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « إِنِّي قَدْ حَدَّثْتُكُمْ عَنِ الدَّجَّالِ حَتَّى خَشِيتُ أَنْ لَا تَعْقِلُوا، إِنَّ مَسِيحَ الدَّجَّالِ رَجُلٌ قَصِيرٌ، أَفْحَجُ، جَعْدٌ، أَعْوَرُ مَطْمُوسُ الْعَيْنِ، لَيْسَ بِنَاتِئَةٍ، وَلَا حَجْرَاءَ، فَإِنْ أُلْبِسَ عَلَيْكُمْ، فَاعْلَمُوا أَنَّ رَبَّكُمْ لَيْسَ بِأَعْوَرَ »[١٧].

"الفَحَج: تَبَاعُدُ مَا بَينَ الفَخِذَين" [١٨].

"وَهُوَ مِنَ الشَّعرِ خِلافُ مِنَ السَّبطِ أَوِ القَصِيرِ مِنْهُ"[١٩].

واتە: لە عوببادەی کوڕی صامیتەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «باسی دەججالم بۆتان کرد تا ترسام لەوەی لێی تێنەگەن (یان لەبیرتان بچێتەوە ئەوەندە زۆر باسم کرد)، بەڕاستی مەسیحی دەججال پیاوێکی کورتە بالآیە، قاچەکانی بلاوە، قژی لولو ئالۆزە، چاوێکی کوێرەو ڕەش کراوەتەوە، چاوی بچوکەو دەرپەڕیوە (وەك دەنکە ترێ وایە)، ئەگەر گەیشتن بە دەججالو لەبیرتان چووەوە کە دەججالە، ئەوە بزانن پەروەردگاری ئێوە کوێر نییە ».

الفَحَج: واتە هەردوو قاچی بلاوە (کاتێك دەڕوات بەڕێدا).

"وە قژی لولو ئالۆزەو کورتە بالآیە"

وە لە صحیحی موسلیمدا (٢٩٣٧) هاتووە: «شَابٌّ قَطَطٌ»: "واتە: قژی زۆر لولو ئالۆزەو خۆشەویست نییەو دوورە لەوەی خەڵکی خۆشی بوێت"[٢٠].

وَ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﵄ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ أَطُوفُ بِالكَعْبَةِ، فَإِذَا رَجُلٌ آدَمُ سَبِطُ الشَّعَرِ يَنْطُفُ – أَوْ يُهَرَاقُ – رَأْسُهُ مَاءً، قُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: ابْنُ مَرْيَمَ، ثُمَّ ذَهَبْتُ أَلْتَفِتُ، فَإِذَا رَجُلٌ جَسِيمٌ أَحْمَرُ جَعْدُ الرَّأْسِ أَعْوَرُ العَيْنِ، كَأَنَّ عَيْنَهُ عِنَبَةٌ طَافِيَةٌ، قَالُوا: هَذَا الدَّجَّالُ أَقْرَبُ النَّاسِ بِهِ شَبَهًا ابْنُ قَطَنٍ رَجُلٌ مِنْ خُزَاعَةَ »[٢١].

---

(١٧) رواه أبو داود (٣٤٢٠)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٢٤٥٩).

(١٨) النهاية في غريب الحديث والأثر، لاپەڕە: (٤٩).

(١٩) عون المعبود: (٢٩٨/١١).

(٢٠) شرح النووي على مسلم: (٦٥/١٨).

(٢١) رواه البخاري: (٧١٢٨)، ومسلم: (١٧١).

واته: له عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « له خەومدا تەوافم دەكرد بە دەوری كەعبەدا، پیاوێكم بینی لە نەوەی ئادەم قژێكی خاوی هەبوو ئاوی لێ دەهاتە خوارەوە (قژی تەڕبوو)، ووتم: ئەمە كێ یە؟ فەرموویان: كوڕەكەی مەریەمە، پاشان ڕۆیشتم گەیشتم بە پیاوێكی ڕەنگ سووروو قژی لول بوو وە چاوێكی كوێر بوو، چاوی هەروەكو دەنكە ترێ وابوو دەرپەڕیبوو، ووتیان: ئەمە دەججاله، نزیكترین كەس لێی بچێت ئیبن قەتنە، پیاوێك بوو له بەنی خوزاعە ».

وە ئەمە نیشانەیەكە كە باوەڕدار دەججالی پێ دەناسێتەوە، كە ئەوانەی باوەڕدار نین خوای گەورە چاویانی داپۆشیوە ئەوان نازانن‌و ناتوانن ئەو نیشانەیە بخوێننەوە، ئەو نیشانەیەیش نوسراوە له بەینی هەردوو چاوی (ك ف ر) یان (كافر).

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: « الدَّجَّالُ مَمْسُوحُ الْعَيْنِ مَكْتُوبٌ بَيْنَ عَيْنَيْهِ كَافِرٌ، ثُمَّ تَهَجَّاهَا ك ف ر »[٢٢].

واته: له ئەنەسی كوڕی مالیكەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « دەججال چاوێكی كوێرە لە نێوان هەردوو چاویدا نوسراوە كافر پاشان جیای كردەوە ك ف ر ».

ئیمامی قورطوبی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفی دەججالی كردووە وەسفێكی وای كردووە لەلای هیچ عاقڵێك ناڕوونی تێدا نییە، وە هەموو ئەو وەسفانە زەمكراوو لۆمەكراوە، كە ڕوونە لەلای هەموو كەسێكی خاوەن فیترەتێكی پاك، بەڵام ئەوەی كە بەدبەخت بێت، شوێنی دەججال دەكەوێت لەو درۆو نەزانینەی بانگەشەی دەكات، وە بێبەش دەبێت لە شوێنكەوتنی حەق‌و ڕوناكی قورئان[٢٣].

" بانگەشەی خوایەتی‌و پەرستراوییەتی دەكات، له خودی ئەو بانگەشەیەی دەیكات درۆ دەكات لەو شێوەیەی خۆی هەیەتی كە چاوێكی كوێرەو ناتوانێت چاكی بكاتەوەو لەوەی لە نێوان هەردوو چاوی نوسراوە كافر ناتوانێت بیسڕێتەوە، ئەم نیشانانەو جگە

---

(٢٢) رواه البخاري: (٧١٣١)، ومسلم: (٢١٣٣)، واللفظ لَه.

(٢٣) التذكرة بأحوال الموتى وأمور الآخرة: (٣/١٢٧٩).

لەمانە هيچ كەسێك نييە شوێنی بكەوێت تەنها كەسانێكی نەزان نەبێت لەناو خەڵكیدا لەبەر پێويستیو هەژارييان بە ئومێدی ئەوەی شتێكيان دەست بكەوێت يان لە ترسی ئەوەی ئازاريان نەدات، لەبەرئەوەی فيتنەكەی عەقڵ لادەباتو سەر سوڕدەمێنێت، لەگەڵ ئەوەی كاری دەججال بەخێرايی نامێنێت، لە هيچ جێيەك جێگير نابێتو نامێنێتەوە بەجۆرێك لاوازەكان وا هيوا ئەخوازن بەڵگەكانی و كارەكانی ببينن و باوەڕ دەكەن بەوەی كە ڕاستگۆيە لەو كاتەيا.

بۆيە پێغەمبەران (صەڵاتو سەلامی خوايان لێبێت) گەلەكانی خۆيان لێ ئاگاداركردووەتەوەو ڕونكردنەوەيان داوە لەسەر كارەكانی كە بەتاڵە، بەڵام ئەوانەی هيدايەتدراون شوێنی ناكەونو پێی هەڵناخەڵەتێن لەگەڵ ئەو نيشانە درۆينانەی پێيەتی كە باسمان كرد، وە ئەوان زانيارييان هەيە بە حاڵی دەججال، بۆيە ئەو كەسەی مەسيحی دەججال دەيكوژێتو پاشان زيندووی دەكاتەوە پێی دەڵێت: هيچ شتێك زيادی نەكردووە تەنها ئەوە نەبێت ئێستا زياتر دڵنيام تۆ دەججالی"[٢٤].

---

([٢٤]) شرح النووي على مسلم: (١٨/٥٩). [من كلام القاضي رحمه الله].

## ٥- لەناوچوونی مەسیحی دەججالو کۆتایی هاتن بە فیتنەکەی:

کۆتایی هاتن بە مەسیحی دەججال لەسەر دەستی پێغەمبەر عیسا ﷺ دەبێت لە پاش ئەوەی دادەبەزێت، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کردووەو فەرموویەتی: « فَيَنْزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ فَأَمَّهُمْ، فَإِذَا رَآهُ عَدُوُّ اللهِ، ذَابَ كَمَا يَذُوبُ الْمِلْحُ فِي الْمَاءِ، فَلَوْ تَرَكَهُ لَانْذَابَ حَتَّى يَهْلِكَ، وَلَكِنْ يَقْتُلُهُ اللهُ بِيَدِهِ، فَيُرِيهِمْ دَمَهُ فِي حَرْبَتِهِ »[٢٥].

واتە: « پێغەمبەر عیسا ﷺ دادەبەزێتو فەرمان دەکات کە ئیمامەتی بکات (واتا فەرمان دەکات بەوەی ئیمامی مەهدی پێشنوێژی بکات)، کاتێك دوژمنی خوای گەورە دەیبینێت (یەعنی دەججال) دەججال دەتوێتەوە وەکو چۆن خوێ لەناو ئاودا دەتوێتەوە، ئەگەر وازی لێ بهێنێت دەتوێتەوە تا لەناو دەچێت، بەڵام خوای گەورە دەیکوژێت لەسەر دەستی ئەو، وە خوێنەکەی بە حەربەکەوەیەتیو پیشانیانی دەدا ».

(٢٥) النهاية في غريب الحديث والأثر، لاپەڕە: (٤٩).

## ٦- بەچی دەپارێزرێیت لە مەسیحی دەججال

ئەی براکانم لە پێناو خوای گەورە: لە گەورەیی ئەم دینەو ڕەحمەتی خوای گەورە، خۆپاراستن لەسەر زمانی کۆتا پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) دیاریکراوە، لەوانە:

### أ/ خۆئامادەکردن بە باوەڕبوون بە خوای گەورە:

"ناسینی خوای گەورە بە ناوو سیفاتە بەرزەکانی، وە خوای گەورە پاكو بێگەردە لە هەموو کەمو کورتیو عەیبێك.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە زانیاری بۆ ئێمە جێهێشتووە کە بەهۆیەوە چاوڕۆشتن بین‌و هەموو لێڵیو ناڕوونییەك نەمێنێت.

دەججال بە لاشە دەبینرێتو دەخواتو دەخواتەوە.

بەڵام خوای گەورە نابینرێت لە دونیادا، بەڵکو لە ڕۆژی دوایدا باوەڕداران دەیبینن بەچاوی خۆیان وەکو فەزڵو ڕەحمەتێك بۆیان" [٢٦].

شێخول ئیسلام ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: هەرکەسێك خوای گەورە دڵی ڕوناك نەکردبێتەوە بە حەقیقەتی باوەڕو شوێنکەوتنی قورئان، ئەوا نازانێت ڕێگەی حەق جیابکاتەوە لە بەتاڵ، وە کارەکانی لێ تێکەڵ دەبێت"[٢٧].

---

(٢٦) الرقائق، لاپەڕە: (١٤٧).

(٢٧) مجموع الفتاوى، (٣/١٧٢).

## ب/ نیشتەجێبوون لە مەککە یان مەدینەی پێغەمبەری خوا ﷺ:

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: « لَيْسَ مِنْ بَلَدٍ إِلَّا سَيَطَؤُهُ الدَّجَّالُ، إِلَّا مَكَّةَ، وَالمَدِينَةَ، لَيْسَ لَهُ مِنْ نِقَابِهَا نَقْبٌ، إِلَّا عَلَيْهِ المَلاَئِكَةُ صَافِّينَ يَحْرُسُونَهَا، ثُمَّ تَرْجُفُ المَدِينَةُ بِأَهْلِهَا ثَلاَثَ رَجَفَاتٍ، فَيُخْرِجُ اللَّهُ كُلَّ كَافِرٍ وَمُنَافِقٍ »[٢٨].

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « هیچ شوێنێك نییە ئیللا دەججال دەچێتە ناوی، تەنها مەککە،و مەدینە نەبێت، هیچ ڕێگەیەکی مەککەو مەدینە نییە ئیللا فریشتە دەوریان گرتووەو دەیپارێزن، پاشان مەدینە سێ جار دەلەرزێت، خوای گەورە هەموو کافرو مونافقێکی لێ دەردەکات ».

شێخ ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی:

بزانە ئەو شوێنە بەڕێزانە خوای گەورە دەیپارێزێت لە دەججال بۆ ئەو کەسانەی لەناویدان، دەبێت باوەڕداربن‌و پەیوەست بن بەو حەق‌و واجبانەی لەسەریانەو جێبەجێی بکەن کە خوای گەورە داینــاوە، بەڵام تەنها بە نیشتەجێبوون لەو شوێنەدا ئەو کەسە دووربێت لە ئادابو ئەخلاقی باوەڕداران ئەوا پارێزراو نابێت .. بەڵکو پەندو ئامۆژگاری بە باوەڕبوون‌و کردەوەی چاکە[٢٩].

---

(٢٨) رواه البخاري: (٧٥٧٧)، ومسلم: (٢٩٤٣).

(٢٩) قصة المسيح الدجال، لاپەڕە: (٣٤).

## ج/ لەبەرکردنی دە ئایەتی سەرەتای سورەتی (الكهف):

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: « مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْفِ عُصِمَ مِنَ الدَّجَّالِ »[٣٠][٣١].

واتە: لە ئەبی دەردائەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « هەرکەسێك دە ئایەتی سەرەتای سورەتی کەهف لەبەربکات ئەوا دەپارێزرێت لە دەججال (لە فیتنەو شەڕو خراپەکەی) ».

وە پێغەمبەری خوا ﷺ حیکمەتی لەبەرکردنی ئەو دە ئایەتەی بۆمان ڕوونکردووەتەوە، فەرموویەتی: « فَمَنْ أَدْرَكَهُ مِنْكُمْ فَلْيَقْرَأْ عَلَيْهِ فَوَاتِحَ سُورَةِ الْكَهْفِ »[٣٢].

واتە: « هەرکەسێك گەیشت پێی (بە دەججال) با سەرەتای سورەتی کەهفی بەسەردا بخوێنێت ».

وە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێنمایی کردووین بۆ خوێندنەوەی سورەتی کەهف لە هەموو ڕۆژێکی جومعەدا، بەو هۆیەوە کەسێك لەو ڕۆژەدا بیخوێنێتەوەو بەردەوام بێت لەسەری دەتوانێت لەبەری بکات یان ئەو دە ئایەتە لەبەر بکات، بە ویستی خوای گەورە.

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: « مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ »[٣٣].

واتە: لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەرکەسێك سورەتی کەهف بخوێنێت لە ڕۆژی جومعەدا ئەوا بۆی دەبێتە نورو ڕوناکی (لە دڵی یان گۆڕەکەی یان ڕۆژی لێپۆسینەوە) بە ئەندازەی نێوان ئەو دوو جومعەیە.

---

(٣٠) رواه مسلم: (٨٠٩).

(٣١) لە ڕیواەتی تر دە ئایەتی کۆتایی سورەتی کەهفیش هاتووە. صحيح: سنن أبي داود: (٤٣٢٣).

(٣٢) رواه مسلم: (٢٩٣٧).

(٣٣) رواه النسائي في "سننه الكبرى" (١٠٧٨٨)، والبيهقي في "شعب الإيمان" (٢٤٤٤)، والحاكم في "مستدركه" (٣٣٩٢)، وصححه الألباني في "صحيح الترغيب" (٧٣٦).

## د/ وە هۆکارێکی تر لەوانەی دەبێتە هۆی پاراستن لە فیتنەی دەججال بە ویستی خوای گەورە زۆر پەناگرتنە بە خوا لە فیتنەکەی لە ناو نوێژدا:

عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ ﵁ أَنَّ النَّبِيُّ قَالَ ﷺ: « ... تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ » قَالُوا: "نَعُوذُ بِاللهِ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ"(٣٤).

واتە: لە زەیدی کوڕی ثابتەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « ... پەنابگرن بەخوا لە فیتنەی دەججال » فەرموویان: "پەنا دەگرین بە خوا لە فیتنەی دەججال".

وَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: « إِذَا تَشَهَّدَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ مِنْ أَرْبَعٍ يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ »(٣٥).

واتە: لە ئەبی هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « ئەگەر کەسێك لە ئێوە نوێژی کرد با لە تەحیاتدا پەنا بگرێت بەخوا لەم چوارە و بڵێت:

خوایە من پەنا دەگرم بەتۆ لە سزای دۆزەخ، وە پەنا دەگرم بەتۆ لە سزای ناو گۆڕ، وە پەنا دەگرم بەتۆ لە فیتنەی ژیان و مردن، وەپەنا دەگرم بەتۆ لە شەڕو فیتنەی مەسیحی دەججال ».

وَقَدْ ذَكَرَ ابْنُ عَبَّاسٍ ﵄ "أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يُعَلِّمُهُمْ هَذَا الدُّعَاءَ، كَمَا يُعَلِّمُهُمُ السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ"(٣٦).

واتە: ئیبنو عەبباس (ڕەزای خوایان لێبێت) باسی دەکات: "پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی فێری ئەم دوعایە دەکرد، وەکو چۆن فێری سورەتێکیان بکات لە قورئان".

لەبەر گرنگییەکەی، بەڵکو هەندێك لە زانایان بۆ ئەوە دەچن کە واجبە، بەڵام جمهوری زانایان بە سوننەتیان داناوە.

---

(٣٤) رواه مسلم: (٢٨٦٧).

(٣٥) رواه البخاري: (١٣٧٧)، ومسلم: (٥٨٨)، واللفظ له.

(٣٦) رواه مسلم: (٥٩٠).

شێخ ابن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: زانایان بۆ ئەم فەرموودەیە دوو وتەیان هەیە:

**یەکەم:** بە واجبی دادەنێن.

**دووەم:** بە سوننەتی دادەنێن.

وتەی ئەوانەی دەڵێن واجبە بەهێزە، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە، وە لەبەرئەوەی ئەو کارانە گەورەن، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان بپارێتەوە لە خوای گەورە بیپارێزێت لەوانە.

بۆیە طاوس کە یەکێکە لە تابعییەکان کاتێك منداڵەکەی نوێژی بکردایە، ئەگەر پەنای نەگردایە بەخوا لەو چوارە، فەرمانی پێدەکرد کە نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی واجبە، وە هەرکەسێك بە ئەنقەست وازی لێبێنێت و نەیخوێنێت نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، دەبێت دووبارەی بکاتەوە ..[٣٧].

## لە کۆتاییدا:

---

(٣٧) شرح عمدة الأحكام: (٢/٢١٢).
کە دەفەرمووێت: نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، ئەو بۆچوونە راجح نی یە، (والله أعلم) م. صلاح الدین عبدالکریم.

ئەمە ڕونکردنەوەیەکی کورت بوو لەسەر فیتنەی مەسیحی دەججالو ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەبوو، پێمخۆشبوو بیخەمەوە یادی براو خوشکانم، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [الذاريات: ٥٥].

واتە: بیخەرەوە یادیان لەبەر ئەوەی یادخستنەوە سوودی هەیە بۆ باوەڕداران.

بەڵکو خوای گەورە تەوفیقی منو ئێوەش بدات بۆ زانستی بەسوودو کردەوەی چاك.

ئەوەی تەواوبێت ئەوە لە خوای گەورەوەیە، وە ئەوەی هەڵەبێت لە منو شەیتانی ڕەجم کراوەوەیە.

اللهُمَّ اغْفِرْ لَنَا خَطَايَانَا وَجَهْلَنَا، وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنَّا، اللهُمَّ اغْفِرْ لَنَا جِدَّنَا وَهَزْلَنَا، وَخَطَأَنَا وَعَمْدَنَا، وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدَ نَا، اللهُمَّ اغْفِرْ لَنَا مَا قَدَّمْنَا وَمَا أَخَّرْنَا، وَمَا أَسْرَرْنَا وَمَا أَعْلَنَّا، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنَّا، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ، وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ.

اللَّهُمَّ رَبَّ جِبْرِيلَ وَمِيكَائِيلَ وَإِسْرَافِيلَ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ، اهْدِنَا لِمَا اخْتُلِفَ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِكَ إِنَّكَ أَنْتَ تَهْدِي مَنْ تَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ.

اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ مِنَ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ.

اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ.

١٤ رمضان ١٤٤٢

٢٠٢١/٤/١٦

وەرگێڕ